# کێشەی مۆرفیم و پۆلێن کردنی: توێژینەوەیەکی وشەسازانە

**حۆسین ڕەسووڵ** I
پرفێسۆری زمانی کوردی، زانکۆی سەڵاحەددین هەولێر

**ڕێژنە ئیسماعیل عەزیز** II
مامۆستای یاریدەدەری زمانی کوردی، زانکۆی سەڵاحەددین هەولێر

نوع مقاله: مقاله پژوهشی؛ تاریخ دریافت: ۲۱ اردیبهشت ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۳ مرداد ۱۳۹۸؛ صص ۲۳۱-۲۵۹

**چکیده**

تأکید بر تکواژ از سوی دانشمند آمریکایی، بلومفیلد، جنبش تازه‌ای را در پژوهش‌های مربوط به ساختواژه ایجاد کرد و زمینه‌های پیدایش شاخه‌ی تازه‌ای را از مورفولوژی و فراموشی شاخه‌های ریشه‌شناسي لغات (اتیمولوژی) و واژه‌شناسي (لکسیکولوژی) را به وجود آورد؛ افزون بر این امیدها را در دل زبان‌شناسان زنده ساخت که معیاری برای معنا کشف شده است که مشکلات واژه را حل می‌کند. اما اگر به دقت به مسأله‌ی تکواژ، تعریف، ساختار و طبقه‌بندی‌های تکواژ توجه کنیم، کمبودهای زیادی به چشم می‌آید و با تکیه بر دستور زبان سنتی زبان‌شناسی را دچار چندین اشتباه کرده است. همین امر باعث شده است که بیشتر به جنبه‌ی ظاهری و مشکلات در صدای تکواژ اهمیت داده شود و محتوا و جنبه‌ی معنایی آن فراموش گردد. این پژوهش چگونگی پیدایش مسأله‌ی تکواژ را مورد بحث و بررسی قرار می‌دهد. همچنین تلاش‌هایی را که برای طبقه‌بندی انواع و اصلاح آنها صورت گرفته، همراه با مشکلاتی که در ساختار تکواژ وجود دارد و به دنبال آن، مطابقت و تفکیک تکواژ، واژه و اقسام حروف را مورد بررسی قرار می‌دهد.

**واژگان کلیدی:** مورفیم، طبقه‌بندی، واژه‌سازی، زبان‌شناسی

**کورتە**

دۆزینەوەی مۆرفیم لە لایەن زانای ئەمریکی بلومفیلد جووڵەیەکی نوێی خستە توێژینەوە وشەسازییەکان و بووە هۆی سەرهەڵدانی لقی تازەی مۆرفۆلۆژی و فەرامۆش کردنی لقەکانی ئیتیمۆلۆژی و لێکسیکۆلۆژی. لە لایەکی تریشەوە، ئەو هیوایەی خستە دڵی زمانەوانان کە یەکەیەکی پێوان بۆ واتا دۆزرایەوە و کێشە و گرفتەکانی وشەی چارەسەر کرد. کەچی گەر بە وردی سەرنجی بیردۆزەی مۆرفێم و پێناسە و پێکهاتە و پۆلێن کردنەکانی مۆرفێم بدەین، کەموکوڕی زۆرمان دەکەوێتە بەرچاو و بە پشت‌بەستن بە ڕێزمانی لاسایی‌کەرەوە زمانەوانانی تووشی چەندین هەڵە کردووە و پتر بایەخ بە لایەنی ڕوخسار و کەرەسە دەنگییەکانی مۆرفێم دراوە و لایەنی ناوەرۆك و واتاکەی فەرامۆش کراوە. ئەم توێژینەوەیە باس لە چۆنیەتیی سەرهەڵدانی بیردۆزەی مۆرفێم دەکا و ئەو هەوڵانەی کراون لە پۆلێن کردنی جۆرەکانی و ڕاست‌کردنەوەیان، لەگەڵ ئەو گرفت و کێشانەی لە پێکهاتەی مۆرفێمدا هەن و دواتریش بەراوردکردن و جیاکردنەوەی مۆرفێم و وشە و ئامراز.

**وشە سەرەکییەکان:** مۆرفێم، پۆلێن کردن، وشەسازی، زماناسی

I abdulla.raswl@su.edu.krd
II rezhna.azeez@su.edu.krd

## ۱- پێشەکی

هەر زانستێك بریتییە لەو بابەتەی لە ڕوخسار و ناوەرۆکی کەرەسەکانی خۆی دەکۆڵێتەوە. وشەسازیش وەك هەر زانستێك لە فۆڕم و واتای کەرەسەکانی خۆی دەکۆڵێتەوە. لەم توێژینەوەیەدا بە پێویست زانرا، کەرەسە سەرەکییەکانی وشەسازی کە مۆرفیمە بە شێوەیەك پۆلێن بکەین، کە دووبارەکردنەوەی ڕێبازی ڕێزمانی لاساییکەرەوە[1] نەبێ و بتوانرێ، لایەنە دەرنەکەوتووەکان یان باسنەکراوەکانی ڕوخسار و ناوەرۆکی مۆرفیم بخرێنەڕو.

زمانەوانە کوردەکان لە بەرهەمە ڕێزمانییەکانیان بە گشتی و بەرهەمە وشەسازییەکانیان بەتایبەتی درێغییان نەکردووە لە پۆلێنکردن و خستنەڕووی کەرەسەکانی وشەسازیی زمانی کوردی و جۆرەکانیان، بەڵام ئەوەی سەرنجدەدرێ، تێکڕای ئەو سەرچاوانە پەیڕەوی ڕێزمانی لاساییکەرەوەیان کردووە و هاوشێوەی «Traditional grammar»ی ئینگلیزی و «القواعد التقلیدیة»ی عەرەبی تاوتوێکردنی کەرەسەکانیان لەیەك دەچن. ئەوەی پۆلێنکردن و تاوتوێکردنی ئەم بەرهەمە لەوانی پێشتر جیادەکاتەوە، لە کێشەکانی مۆرفیم و پۆلێنکردنەکانی دەکۆڵێتەوە و بە وردی و بەبێ لاساییکردنەوەی ناپێڕەوبەندانە[2] یەکالایاندەکاتەوە.

## ۲ـ مۆرفیمەکان

بیرکردنەوە لە پەیوەندیی نێوان وشەکان بە گشتی و ناوەکان بەتایبەتی لەگەڵ ناوەرۆك یان واتاکانیان، واتە، پەیوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مێژوو و فەیلەسوفە یۆنانییەکان. وەك لە پەرتووکی کراتیلۆسی[3] ئەفلاتوندا (بالمر، ۱۹۸۱: ۱۵) هاتووە، کە تیایدا گفتوگۆ لەسەر بیر و ڕاکانی سوکراتی مامۆستاکەی دەکا، کە تیایدا هاوڕان لەسەر ئەوەی پەیوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو پەیوەندییەکی سرووشتییە، یان خودیە (انیس، ۱۹۷٦: ٦۲). بۆ نموونە: دەربڕاوی زنجیرە دەنگی «گوڵ» هەر لە سرووشتدا، یان لە خودی خۆیەوە واتای «گوڵ» دەدا. بەڵام ئەرستۆی قوتابیی ئەفلاتون لەو باوەڕەدابوو کە پەیوەندیی نێوان ناو و ناولێنراو یان وشە و واتاکەی پەیوەندییەکی نەریتییە، واتە؛ کۆمەڵگا لەسەری ڕێککەوتوە (Stork and Widdowson, 1974: 116). بۆ نموونە: تێکڕای کۆمەڵگەی کوردەواری لەسەر ئەوە ڕێکن کە بە گوڵ بڵێن: گوڵ. هەڵبەتە ئەو مشتومڕی سرووشتی و نەرێتییە زۆر جار بە شێوەیەك لە شێوەکان تاوتوێدەکرایەوە، تاکوو فردیناد دی سۆسێر کۆتایی بەوە هێنا، بەوەی ڕوونیکردەوە کە پەیوەندیی

---

[1] Traditional Grammar.

[2] Non-systematic.

[3] Cratylus.

نێوان ناو (ئاماژەکەر)[1] و واتا (ئاماژەپێکراو)[2] پەیوەندییەکی لەخۆوەیە[3] (دوسوسور، ١٩٨٥: ١٢٤).

دەربارەی ناو و ناولێنراو، یان ئاماژە و ئاماژەپێکراو بەردەوام بۆچوونی جیاواز هەبوون، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەرەسەی واتا، چونکە واتا کەرەسەیەکی نەپێوراوی دەرجەستەیە. وشە پێکهاتووە لە دەنگ و واتا، دەنگ کەرەسەیەکی بەرجەستەیە و یەکەی پێوانی هەیە، بەڵام واتا هیچ یەکەیەکی پێوانی نییە. بۆیە هەندێ لە زمانەوانانی وەك لیۆنارد بلۆمفیلد و هاوڕاکانی بە توندی دژی سەرقاڵ بوون بە واتا بوون. لە ژێر کاریگەریی دەروونناسیی ئەزموونگەریی سەر بە پاڤلۆڤ و سکینەر، هەڵگری ئەو بیرۆکەیە بوون کە واتا وەك کەرەسەیەك لە ئارادا نییە، بەڵکوو زنجیرە دەنگەکان یان کارتێکەرن[4]، یان کاردانەوە (reaction) (أولمان، ١٩٧٣: ١٨-١٩). کاتێك منداڵێك برسی دەبێ، برسیبوونەکە کارتێکەرە (s) و وا لە منداڵەکە دەکا بە دایکی بڵێ: برسیمە. وشەی «برسیمە» بۆ منداڵەکە کاردانەوەیە (R) و بۆ دایکەکەی دەبێتە کارتێکەر (s)، دایکەکە خواردنێك دەدا بە منداڵەکەی دەبێتە کاردانەوە (r) بۆ داوای منداڵەکە. کەواتە دەشێ وشە کارتێکەر بێ، یان کاردانەوە، بەڵام ئەگەر کارتێکەریش بێ، کاردانەوەیە بۆ کارتێکەرێکی هەستی، چ هەستییەکە دەرەکی بێ یان ناوەکی:




ئەو کاردانەوانە لای بلۆمفید و هاوڕاکانی لە ڕێبازی زمانەوانیی ئەمریکی پشتیان بە لایەنی ڕوخساری وشە دەبەست بۆ دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکەکەی. لایەنی ڕوخسار واتە، لایەنە دەنگییەکەی، چونکە دەنگ کەرەسەیەکی ماددی بەرجەستەیە. بەڵام لایەنی ناوەڕۆك کە واتایە،

[1] Signifier.
[2] Signified.
[3] Arbitrary.
[4] Stimulus.

کەرەسەیەکی دەرجەستەیە و یەکەی پێوانی نییە، بۆیە پێویستە فەرامۆشبکرێ و ناکەوێتە بەر ئەرکی توێژینەوەی زمانەوانی. بەم پێیە، بلومفیلد وشە سادەکانی وەك «گوڵ، دار، بەرد، چیا، ڕوبار» ناونا «مۆرفیم». مۆرفیمیش بەوە پێناسە کرا کە: بچووکترین دانەی واتاداری زمانە (Bloom Feld, 1933: 178). گرفتی ئەو بیردۆزە یان بیرۆکەیە لەوەدایە، ناتوانرێ هەمو وشەکان بە کاردانەوەی هەستی لێکبدرێنەوە، چەندەها وشەی هۆشەکی هەن، لە ڕێگەی لێکدانەوەی هۆشەکی هاتوونەتە ئارا و کەمتر لەسەر بنچینەی هەستی ناوەکی و دەرەکی دروستبوون وەك خودا، ئەهریمەن، جنۆکە و دێو.

زمان دیاردەیەکە، بە هۆی هێما دەنگییەکانەوە (دوسوسور ، ۱۹۸۵: ٤٠) ئەرکی سەرەکیی گواستنەوەی مەبەست و پەیامەکانە لە مێشکی قسەکەرەوە بۆ مێشکی بیسەر. پەیامیش واتە، بیر و واتا. واتاش کەرەسەیەکی دەرجەستەیە (abstract)، ناپێورێ و هیچ یەکەیەکی پێوان نییە بتوانرێ واتای پێی بپێورێ. لەبەر گرنگیی واتا لە وشەسازیدا، چونکە لای گرنگ و ڕووی دوەمی وشەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێ بخرێتە ژێر باری توێژینەوە، پێویستە بە شێوەیەك بپێورێ، یان هەر نەبێ یەکە ورد و درشتەکانی دەستنیشان بکرێن. دیارە گرفتەکە لەوەدایە کە واتا کەرەسەیەکی بەرجەستە نییە و نایێتە ژێر باری پێوانەوە، ئەمەش بوو، وای لە بلومفیلد کرد، دژی باسکردنی واتا بوەستێ لە چوارچێوەی زمانەوانی و ناچاری کرد، بە دوای کەرەسەیەکی تردا بگەڕێ بۆ پێوانی واتا. بۆیە پەنای برد بۆ دیوەکەی تری وشە کە دەنگە و کەرەسەی بەرجەستە و پێوراوە و دەسەڵاتی توێژەری بەسەردا دەشکێ. بەم پێیە، ئەو زنجیرە دەنگانەی کە کورتترینن و بچووکترین بڕە واتا هەڵدەگرن، ناوی نان مۆرفیم.[1] ئەمەش وایکرد، بوترێ: مۆرفیم، بچووکترین دانەی واتاداری زمانە (Bloom Feld, 1933: 178). بەم پێیە، ئەگەر «سەر» مۆرفیمێك بێ و کورتترین واتایەك بدا، لە خۆی بچووکتر نەکرێتەوە. ئایا لە فۆرمی «سەرناکەوین»دا چەند مۆرفیم یان وردە واتای هەیە؟ (حوسێن ڕەسوول، ۲۰۱٤: ٦٧):




[1] Morpheme.

کەواتە، توانرا شەش وردە واتا (مۆرفیم) لە فۆڕمەکە بدۆزرێنەوە. هەروەها لە وشەی «ئەمانبینێتەوە»دا دەتوانرێ، شەش مۆرفیم دەستنیشانبکرێن:




بەم پێیە، فۆڕمەکانی «سەرناکەوین» و «ئەمانبینێتەوە» لە ئاستی وشەسازیدا وشەن، چونکە ئەو فۆڕمانە لە ڕوخسار و ناوەڕۆك (دەنگ و واتا)دا سەربەخۆن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ «ژمارەی مۆرفیمەکان تەریبە لەگەڵ ژمارەی وردە واتاکان» (زکریا، ١٩٨٣: ٢٠٠). ئەو فۆڕمە وردانە «سادەترین چەمك و کورتترین واتا دەرئەبڕن، کورت ناکرێن و لە خۆیان بچووکتر ناکرێنەوە، ئەو کورتترین واتایانە کران بە یەکە بۆ پێوان و جیاکردنەوەی واتاکان. بە هەر یەکێك لەم فۆڕمانەی هەڵگری بچووکترین واتان، ئەڵێین: مۆرفیم» (حوسێن ڕەسول، ٢٠١٤: ٦٨). بەم جۆرە ئەو فۆڕمانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدان، (گوڵ، دار، بەرد، چیا، ڕووبار) هەڵگری بچووکترین واتان و لە خۆیان بچووکتر ناکرێنەوە، کەواتە، ئەمانە مۆرفیمن، لە هەمان کاتیشدا وشەی سادەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ هەموو وشەیەکی سادە مۆرفیمە، بەڵام هەموو مۆرفیمێك وشە نییە، بەڵکوو (بە بچووکترین یەکەی ئەرك دانراوە لە وشەدا) (crystal, 1985: 198) . دۆزینەوەی مۆرفیم نەبووە هۆی «مردنی وشە» (عمر أمین، ١٩٨٦: ٨)، بەڵکوو هەڵوێستی بوونی وشەی بەهێزترکرد، چونکە مۆرفیمی لێکدراو نییە و بە زۆری پتر لە مۆرفیمێك لە فۆڕمەکاندا کۆدەبنەوە، کە زاراوەی وشە کۆیاندەکاتەوە.

## ٣- ئەلۆمۆرفەکان

ئەگەر مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاری زمان بێ و ناوەرۆکێکی هەبێ کە واتای مۆرفیمەکەیە، ڕوخساریشی هەیە، کە بریتییە لەو فۆڕمەی واتاکەی هەڵگرتووە و دەیگوازێتەوە، بەڵام هەندێ جار ئەو ڕوخسارە بە چەند شێوەیەك یان چەند فۆڕمیکی دەنگی خۆی دەنوێنێ، تەنانەت هەندێ جار نەبوونی فۆڕمیکی دەنگی یان فیزیکی دەبێتە ئەو قاڵبە فیزیکییەی واتاکەی هەڵگرتووە و دەیگوازێتەوە:

ئەلۆمۆرف بەو شێوە جیاجیایانەی مۆرفیمێك دەوترێ، کە لە جغز و چوارچێوەی دیدا، ئەرك و دەوری مۆرفیم دەبینن. بە وێنە (ـ ەکە)ی ناسیاوی بە چەشنی جۆراوجۆر بەرچاودەکەوێ: (ـ ەکە)؛ (ـ یەکە)؛ (ـ ێکە)؛ (ۆکە)؛ (ـ ەك):

(ـ ەکە): کوڕەکە

(ـ کە): براکە

(ـ یەکە): برایەکە

(ـ ێکە): کانێکە

(ۆکە): خانۆکە

(ـ ەك): کوڕەکان (حاجی مارف، ٢٠٠٤: ٦١)

کەواتە، ئەلۆمۆڕف پتر لە شێوەیەکی دەربڕینە بۆ گەیاندنی هەمان واتا، یاخود واتایەك پتر لە فۆڕمێکی دەربڕینی هەبێ. ئەگەر لە ئەلۆمۆڕفەکان وردبینەوە، تێبینی چەند سەرنجێك دەکەین:

أ. ئەلۆمۆڕفەکان مۆرفیمی بەندن و لە هەمان دۆخ و کەوتگەی وشەسازی دەرەکەون. چونکە ئەگەر مۆرفیمی سەربەخۆ هەمان واتا ببەخشن، دەبن بە وشەی سادە و پێیان دەوترێ: (هاوواتا- مرادف- synonym)، وەك (نوستن) و (خەوتن)، (ڕۆیشتن) و (چوون).

ب. لە ناو هەموو ئەلۆمۆڕفەکاندا یەکێکیان مۆڕفی ڕەسەنە و ئەوانی تر مۆڕفی گۆڕاون. بۆ نموونە، لەو ئەلۆمۆڕفانەی سەرەوە فۆڕمی (ەکە) مۆڕفە ڕەسەنەکە و فۆڕمەکانی تر مۆڕفی گۆڕاون.

پ. ئەلۆمۆڕفەکان دوو جۆرن: هەندێکیان ئەلۆمۆڕفی دەنگسازین، واتە، بە کاریگەریی دەنگەکانی دەورووبەری مۆڕفەکە، گۆڕینی بەسەر ڕوخسار یان فۆڕمی مۆڕفەکەدا هێناوە.

(ـ ەکە): کوڕەکە ← کوڕ ەکە {هیچ گرفتێکی دەنگسازی نیە}

(ـ کە): براکە ← برا ەکە {بزوێنی (ە) سواوە چونکە بزوێنی (ا)ی لە پێشە}

(ـ یەکە): برایەکە ← برا یـ ەکە {ناوبڕی (یـ) زیاد بوە لەنێوان دو بزوێن}

(ـ ێکە): کانێکە ← کانیـ ەکە {(ی+ە=ێ) دەنگی (ی) لەگەڵ (ە) دەبن بە (ێ)}

(ۆکە): خانۆکە ← خانو ەکە {(و+ە=ۆ) دەنگی (و) لەگەڵ (ە) دەبن بە (ۆ)}

(ـ ەک): کوڕەکان ← کوڕ ەکە ان {بزوێنی (ە) سواوە چونکە بزوێنی (ا)ی لە دوایە}

هەندێکی تریان ڕێزمانین و بە کاریگەریی ڕێزمانی و بۆ پاراستن و نەگۆڕانی واتای پێکهاتەکە ئەلۆمۆڕفی بۆ دروستبووە. بۆ نموونە، ئەگەر ڕەگی (بوون) واتە، مۆرفیمی ئاراییی لە کاری هەواڵدانی کاتی ئێستا دەرکەوێ، کارەکە لە هەواڵدان دەگۆڕێ بۆ فەرماندان:

کوردە ← کورد + ~~بـ~~ + ە + ø کاری هەواڵدان ← کورد + بـ + ە + ø ← بو بە فەرماندان

هەرچەندە مۆرفیم بچووکترین دانەی واتادارە، بەڵام بڕی واتاکە و فۆڕمە هەڵگرەکانی سنووردار نیین و جۆراوجۆرن. بۆیە پۆلێنکردنیان کردارێکی ئاسایی نییە و ئەتوانرێ، لە چەند ڕوویەکەوە دابەشبکرێن (حوسێن ڕەسول، ٢٠١٤: ٦٨ ـ ٦٩).

## ۴- پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان لە ڕووی ڕوخسارەوە

پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان لە ڕووی ڕوخسارەوە یا خود فۆرمەوە، واتە، دابەشکردن و پۆلێنکردنیان لە ڕووی دەنگەکانەوە، ئەو دەنگانەی وەکو قاڵبێکی بەرجەستە و ماددی لە ئاخاوتن و نووسیندا دەرەکەون. ئەو پۆلێنە ئەو لایەنە دەنگییە دەگرێتەوە، کە هەستپێکراوە و دەتوانرێ وەك زنجیرە دەنگ بپێورێ. ئەو لایەنە بوو کە بلومفیلد بۆ دەستنیشانکردنی مۆرفیم پشتی پێ دەبەست. بە پێی ڕوخسار، دەتوانرێت مۆرفیمەکان لە دوو لایەنەوە پۆلێنبکرێن کە بریتین لە لایەنی دەرکەوتن و دەرنەکەوتن، لایەنی سەربەخۆیی و بەندی.

### ۴-١- پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان لە ڕووی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنەوە

هەرچەند هەندێ زمانەوانان (Palmer, 1971: 112) دەرکەوتنی فیزیایی مۆرفیم دەکەن بە مەرج. واتە؛ دەبێ مۆرفیم بوونێکی فیزیاوی هەبێ و لە فۆنیمێ یان زیاتر پێکهاتبێ(١٠). بەڵام لە ڕووی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنەوە، مۆرفیمەکان دەبنە سێ جۆر کە بریتین لە دەرکەوتوو، دەرنەکەوتوو و نیمچە دەرکەوتوو:




یەکەم: مۆرفیمە دەرکەوتووەکان: ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە هەردەم فۆڕمیکی بەرجەستەی دیاری فیزیاویان هەیە. قاڵبە فیزیاویەکەش بریتییە لەو دەنگانە یان پیتانەی واتای مۆرفیمەکە هەڵدەگرن و بە ئاشکرا لە هەموو بارودۆخێکدا دەردەکەون. وەك:

سێو ــ ەکە ــ ی خوار ــ د.
ە ــ سوتـ ــ ێـ م.
کوشـ ــ تـ ــ مـ ت.

دووەم) مۆرفیمە دەرنەکەوتووەکان: دوو مەرجی گرنگ و سەرەکی هەن بۆ دەرنەکەوتنی مۆرفیم. واتە، بۆ ئەوەی مۆرفیمێك دەرنەکەوێ و ببێتە سفر (zero morpheme) پێویستە ئەو دوو مەرجەی تیادابێ:

۱ــ پێویستە ئەو مۆرفیمەی دەبێتە سفر، ئەندامێك بێ لە گرووپێك و لە هەر گرووپێك تەنیا ئەندامێك بۆی هەیە دەرنەکەوێ و ببێتە مۆرفیمی سفر؛

۲ــ پێویستە ئەو دەرنەکەوتنە نەبێتە هۆی تێکچوونی واتا و مەبەستی ئاخێوەر.

دەرنەکەوتن، واتای نەبونی مۆرفیمەکە نیە، بەڵکو لە ئاستی ناوەوە (Deep Structure) هەیە و هەست بەبونی ئەکرێ، بەڵام فۆرمێکی فیزیاوی (پیت/ دەنگ) لە ئاستی سەرەوەدا (Surface structure) نیە.

مۆرفیمە دەرنەکەوتووەکان، ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە هەرگیز فۆڕمیکی بەرجەستەی دیاری فیزیاویان نییە. قاڵبە فیزیاوییەکەش بریتییە لەو دەنگانە یان پیتانەی واتای مۆرفیمەکە هەڵدەگرن. بەم پێیە، مۆرفیمە دەرنەکەوتووەکان هیچ دەنگ یا پیتێکیان نییە کە لە ئاخاوتن یان نووسیندا نوێنەرایەتییان بکا و بە ئاشکرا لە هیچ بارودۆخێکدا دەرناکەون. هەبوونی واتایەکی دیار و هەستپێکراو و نەبوونی قاڵبێکی فیزیاوی بوونەتە هێما بۆ ئەو جۆرە مۆرفیمانە. بۆیە، بە مۆرفیمی سفر[1] (crystal, 2003: 508) ناوبراون، بەو پێیەی ژمارە سفریش هەر ژمارەیە. وەك:

چـ ــ و ــ م / چـ ــ و ــ ی / چـ ــ و ــ Ø.
خوار ــ د ــ Ø ــ م / بـر ــ د ــ Ø ــ ت / کـر ــ د ــ Ø ــ ی.
هـا ــ تـ ــ م / هـا ــ تـ ــ ی / هـا ــ ت ــ Ø.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند تێبینییەك بکرێ:

تێبینی یەکەم: ئایا کەی مۆرفیم دەتوانێ ببێتە سفر؟ یان چ مۆرفیمێك بۆی هەیە ببێتە سفر؟ لە هەر گرووپێکدا (کراوە بێ یان داخراو) تەنیا یەك ئەندامی ئەو گرووپە بۆی هەیە ببێتە سفر. ئەمەش بۆ ئەوەیە، لێڵواتایی یان تێنەگەیشتن دروستنەبێ. بۆ نموونە لە گرووپی ژمارەکاندا، تەنیا یەك ئەندام سفرە، کە دەکەوێتە نێوان (ــ۱) و (+۱). لە گرووپی ڕاناوە لکاوەکانیشدا (م، ت، ی، مان، تان، یان) لە دەستەی خاوەنی و (م، ی، ø، ین، ن، ن) لە دەستەی ڕێککەوتن، تەنیا کەسی

[1] zero morpheme.

سێیەمی تاك لە دەستەی ڕێککەوتن هەردەم سفرە و هەرگیز دەرناکەوێ. لە ڕووی ژیربێژیەوە (Logically)، کەسی یەکەم ئاخێوەرە و کەسی دووەم گوێگرە، ئەوەی دیار نییە، یان بەشدار نییە، کەسی سێیەمە، تاك بێ یان کۆ، بەڵام تەنیا ئەندامێك دەتوانێ ببێ بە سفر، بۆیە لە زۆر لە زمانەکان[١] کەسی سێیەمی تاك دەبێ بە مۆرفیمی سفر. ئاشکرایە، دەرنەکەوتنی بەردەوامی ئەندامی سێیەمی گرووپی ڕێککەوتن بوەتە هێمایەك بۆ کەسی سێیەمی تاك. واتە، لە شەش کورسیەکەی یان چاڵەکەی گرووپی ڕاناوەکانی ڕێککەوتن، بەردەوام کورسیی کەسی سێیەم بەتاڵە، بە بەراورد بە پێنج ڕاناوەکەی تر.

| | | |
|---|---|---|
| کەسی یەکەمی تاك: | هـا ـ تـ ـ م | خـوار ـ د ـ Ø ـ م |
| کەسی دوەمی تاك: | هـا ـ تـ ـ ی | خـوار ـ د ـ Ø ـ ت |
| کەسی سێیەمی تاك: | هـا ـ تـ ـ Ø | خـوار ـ د ـ Ø ـ ی |
| کەسی یەکەمی کۆ: | هـا ـ تـ ـ ین | خـوار ـ د ـ Ø ـ مان |
| کەسی دوەمی کۆ: | هـا ـ تـ ـ ن | خـوار ـ د ـ Ø ـ تان |
| کەسی سێیەمی کۆ: | هـا ـ تـ ـ ن | خـوار ـ د ـ Ø ـ یان |

هەروەها کاری فەرماندان، ئەو کارەیە کە هەردەم کەسی یەکەم ئاڕاستەی کەسی دووەمی دەکا، کەسی دوەمیش ئەو کەسە فەرمانپێکراوەیە کە بەرامبەر کەسی یەکەمی فەرماندەرەکەیە، بۆیە لە ڕووی ژیربێژییەوە پێویست ناکا یەکێ لەو ڕاناوە لکاوانەی بۆ بەکاربێ کە لە دەستەی خاوەنی یا ڕێککەوتندا هەن، بەڵام لە نێوان کەسی دوەمی تاك و کەسی دووەمی کۆدا، کە گرووپێکیان پێکهێناوە، تەنیا یەکێکیان دەتوانێ ببێ بە سفر، ئەویش کەسی دووەمی تاکە:

بـ ـ یـ ـ گـر ـ ە ـ Ø. / بـ ـ یـ ـ گـر ـ Ø ـ ن.

بـ ـ مـ ـ شێلـ ـ ە ـ Ø. / بـ ـ مـ ـ شێلـ ـ Ø ـ ن.

تێبینی دووەم: دەرنەکەوتنی کەسی سێیەمی تاك زۆربەی زمانەوانە کوردەکانی دوچاری هەڵەتێگەیشتنێك کردووە و هەر مۆرفیمێك یان فۆنیمێك کەوتبێتە بەرامبەر ئەو چاڵە بەتاڵەی کەسی سێیەمی تاك، بە کەسی سێیەمی تاکیان داناوە، یان بوختانێکی تریان پێ کردووە. بەم پێیە چەند هەڵەیەکیان تۆمارکردووە. بۆ نموونە:

لە ئەنجاما وا دەرئەکەوێ کە ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك کە لەگەڵ کاری کاتی داهاتوودا دەرئەکەوێ بەلای کەمی ئەم شەش ئەلۆمۆرفەی هەیە:

---

[١] بۆ نموونە، لە زمانی عەرەبیدا دەوترێ: «ذهبت الی المدرسة. ذهبنا الی المدرسة»، بەڵام لە کەسی سێیەمی تاکی نێردا دەوترێ: «ذهب الی المدرسة». هەروەها لە زمانی فارسیدا دەوترێ: (رفتم، رفتید، رفت).

| ئەلۆمۆرف | یاسای دەرکەوتنی |
|---|---|
| ات | ئەگەر ڕەگ بە {ۆ} یا {ـە} کۆتایی هاتبێ |
| ێت | ئەگەر ڕەگ بە {ۆ} یا {ـە} کۆتایی نەهاتبێ |
| ا | بە یاسای لابردنی {ت} |
| ێ | بە یاسای لابردنی {ت} |
| ت | بە یاسای توانەوەی {ێ} |
| ø | بە یاسای توانەوەی {ێ} + لابردنی {ت} |

(عومەر ئەمین، ۲۰۰۹: ۷۷)

تەنانەت لە لاپەڕەی دواتری هەمان وتار (لێکۆڵینەوەیێکی مۆرفۆفۆنێمی) (هەمان سەرچاوە: ۷۹) ژمارەی ئەلۆمۆرفەکان بووە بە دوو هێندە، کە لە بنەڕەتدا تەنیا (ø) مۆرفیمی سفرەکە نوێنەر یا هێمای کەسی سێیەمی تاکە و دەنگ یان پیتەکانی تر (ێت، ێ، ت، ات، ا، ە) (حاجی مارف، ۱۹۸۷: ۱۰۴ ـ ۱۵۵). هیچیان پەیوەندییان بە کەسی سێیەمی تاکەوە نییە. «ێ» مۆرفیمی کاتی داهاتووە و «ت» ناوبرە بۆ کاتی پێویست، وەك:

هاتەوە ← دەهێتەوە...

هاتە هەولێر ← دەهێتە هەولێر...

هەرچی «ا»یە دیاردەیەکی فۆنۆلۆجیە و بە زۆری «ە» کۆتایی ڕەگی ئەو هەشت چاوگەیە:

| چاوگ | ڕەگی بنەڕەت | | یەکەمی تاك | دووەمی تاك | سێیەمی تاك | یەکەمی کۆ | دووەمی کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆیشتن | ڕەوتەن | ڕوە | دەڕۆØم | دەڕۆØی | دەڕواØØ | دەڕۆØین | دەڕۆØن |
| بردن | بەردەن | بە | دەبەØم | دەبەØی | دەباØØ | دەبەØین | دەبەØن |
| کردن | کەردەن | کە | دەکەØم | دەکەØی | دەکاØØ | دەکەØین | دەکەØن |
| خواردن | خوەردەن | خوە | دەخۆØم | دەخۆØی | دەخواØØ | دەخۆØین | دەخۆØن |
| دان | دادەن | دە | دەدەØم | دەدەØی | دەداØØ | دەدەØین | دەدەØن |
| شۆشتن | شوەردەن | شوە | دەشۆØم | دەشۆØی | دەشواØØ | دەشۆØین | دەشۆØن |
| هاژۆشتن | هاژوەشتەن | هاژوە | دەهاژۆØم | دەهاژۆØی | دەهاژواØØ | دەهاژۆØین | دەهاژۆØن |
| خستن | خستەن | خە | دەخەØم | دەخەØی | دەخاØØ | دەخەØین | دەخەØن |

کە واتە، مۆرفیمی دەرنەکەوتوو لە زمانی کوردیدا ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکە لە دەستەی ڕێککەوتن و هیچ ئەلۆمۆڕفێکی نییە (م، ی، ø، ین، ن، ن)، لەگەڵ ڕاناوی کەسی دووەمی تاك لە ڕستەی فەرماندانددا (ø، ن).

سێیەم-مۆرفیمە نیمچە دەرکەوتووەکان: ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە کە فۆڕمێکی بەرجەستەی دیاری فیزیاویان هەیە. قاڵبە فیزیاویەکەش بریتییە لەو دەنگانە یان پیتانەی واتای مۆرفیمەکە هەڵدەگرن و لە هەندێ بارودۆخدا دەردەکەون، بەڵام لە هەندێ باردۆخی تردا بە هۆکاری ژێربێژی دەرناکەون. واتە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو مۆرفیمانە دو ئەلۆمۆڕفیان هەیە، یەکێکیان

دیارە و ئەوی تریان دەبێتە مۆرفیمی سفر و دەرناکەوێ. بە زۆری لە زمانی کوردیدا چەند مۆرفیمێکی لەم جۆرەمان هەیە، هەرە باوەکانیان وەك:

١ــ مۆرفیمی ئارایی (بـ/ø): مۆرفیمی ئارایی (بـ)، یا خود ڕەگی چاوگی «بوون»، کە هەردەم واتای هاتنە ئارایی دەدا. ئەو مۆرفیمە چ وەکوو ڕەگی کاری سەرەکی، چ وەکوو مۆرفیمێکی یاریدەدەر هاوکاریی داڕشتنی کارەکان دەکا و لە زۆربەی دەمکاتەکاندا دەرەکەوێ، تەنیا لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستادا نەبێ:

مناڵێک لە دایک بـــو. *(وەک ڕەگی کاری سەرەکی دەرکەوتوە).*

تا پزیشکەکە گەیشتبـــو، نەخۆشەکە مردبـــو. *(وەک ڕەگی کاری یاریدەدەر دەرکەوتوە).*

گلۆپەکان دابـگیرسێنە و وانەکانت بـخوێنە. *(وەک مۆرفیمی ئارایی فەرماندان دەرکەوتوە).*

باشـ ێ ø م. باشـ ێ ø ی. باشـ ێ ە ø. *(لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا ڕەگی بون دەرناکەوێ).*

تێبینی سێیەم: هۆکارێکی ژێربێژی هەیە کە (بـ)ی ڕەگی «بوون» لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا دەرناکەوێ. ئەرکی ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا گەیاندنی پەیامێکە کە لە کاتی ئێستادا لە ئارا دایە. ئەگەر مۆرفیمی ئارایی (بـ) یان ڕەگی بوون لەم ڕستانەدا دەرەکەوێ، واتایان دەگۆڕێ و دەبن بە ڕستەی داخوازی لە زۆربەی کەسەکاندا، جگە لە کەسی سێیەمی تاك، ڕستەکە دەگۆڕێ بۆ فەرماندانیش:

| ئەگەر (بـ) دەرکەوێ واتای دەگۆڕێ | | ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا |
|---|---|---|
| کوردم ← کورد + بـ + ێ + م ← بو بە داخوازی | ← | کوردم ← کورد + ب + ێ + م |
| کوردی ← کورد + بـ + ێ + ی ← بو بە داخوازی | ← | کوردی ← کورد + ب + ێ + ی |
| کوردە ← کورد + بـ + ە + ø ← بو بە فەرماندان | ← | کوردە ← کورد + ب + ە + ø |
| کوردە ← کورد + بـ + ێ + ø ← بو بە داخوازی | ← | |
| کوردین ← کورد + بـ + ێ + ین ← بو بە داخوازی | ← | کوردین ← کورد + ب + ێ + ین |
| کوردن ← کورد + بـ + ێ + ن ← بو بە داخوازی | ← | کوردن ← کورد + ب + ێ + ن |
| کوردن ← کورد + بـ + ێ + ن ← بو بە داخوازی | ← | کوردن ← کورد + ب + ێ + ن |

بەڵگە چییە کە ڕەگی بوون، واتە، مۆرفیمی ئارایی لەو کارانەدا هەیە؟ ئەگەر بەراوردی هەمان ئەو کارانە بکەین لە دەمکاتی جیاوازدا کەوتگەی مۆرفیمی ئاراییمان بۆ دەرەکەوێ:



تەنانەت هەندێك جار وەك «مۆرفیمی ئارایی فەرماندان»یش دەرناکەوێ و دەبێتە مۆرفیمی سفر:

گڵۆپەکان دا~~ب~~گیرسێنە و یاریەکانت هەڵ~~ب~~گرە و پەڕتوکەکانت دەر~~ب~~ێنە.

۲ـ مۆرفیمی کاتی ئێستا (Ø/ە): لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك مۆرفیمی کات هەن. بۆ نموونە، مۆرفیمی کاتی ڕابوردوو لە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاست پێنج ئەلۆمۆرفی هەیە، مۆرفیمی کاتی ئێستا دو ئەلۆمۆرفی هەیە و مۆرفیمی کاتی داهاتوو دوو ئەلۆمۆرفی هەیە:




لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا مۆرفیمی «ە»ی کاتی ئێستا لەبەر ئەوەی کورتترین بزوێنە و لە گۆکردندا ناسکە، ئەگەر لە ڕستەدا ڕاناوێی لکاوی دەرکەوتوی بەدوادا بێ، ئەو مۆرفیمە دەسوێ و دەرناکەوێ. تەنیا لە کەسی سێیەمی تاکدا نەبێ، لەبەر ئەوەی ڕاناوی لکاو سفرە، ئەو مۆرفیمە دەرەکەوێ:

ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستا

کوردم ← کورد + ~~بـ~~ + ~~ە~~ + م

کوردی ← کورد + ~~بـ~~ + ~~ە~~ + ی

کوردە ← کورد + ~~بـ~~ + ە + ø

کوردین ← کورد + ~~بـ~~ + ~~ە~~ + ین

کوردن ← کورد + ~~بـ~~ + ~~ە~~ + ن

کوردن ← کورد + ~~بـ~~ + ~~ە~~ + ن

دەرنەکەوتنی مۆرفیمی «ە»ی کاتی ئێستا لە کەسەکان جگە لە کەسی سێیەمی تاك، هەندێ لە زمانناسانی دەسخەڕۆ کردووە و تێکڕای ڕاناوەکانی دەستەی ڕێککەوتنی بە مۆرفیمەکانی کاتی ئێستا داناوە: «لە سادەترین و لە بنجترین بەکارهێناندا، مۆرفیمی ئێسایی «ـە» لە شەش ڕێژەدا دەردەکەوێت (بابان، ۲۰۰٦: ٦۳).

| | | |
|---|---|---|
| مـــن (م): ئێمە(ین) | مـــن جوان (م): ئێمە جوان(ین) | من بۆ تۆ (م) : ئێمە بۆ تۆ (ین) |
| تۆ (یت): ئێوە (ن) | تۆ جوان (یت): ئێوە جوان (ن) | تۆ بۆ من (یت):ئێوە بۆ ئەوان (ن) |
| ئـەو (ە): ئەوان(ن) | ئـەو جوان (ە): ئەوان جوان(ن) | ئەو بۆ من (ـە):ئەوان بۆ ئێوە (ن) |

**سێت = (م، یت، ـە، ین، ن، ن)**

ئەگەر مۆرفیمی کاتی ئێستا کەوتە سەرەتای کار وەك لە کاری ڕانەبوردوو و ڕابوردووی بەردەوام لە دیالێکتی کوردیی ناوەڕاستدا دەرەکەوێ و لە دیالێکتی ژووروودا دەرناکەوێ:

| | |
|---|---|
| من (د)ە نو ێـ م. | ئەز دØ نڤـ م. |
| تۆ سێوێک (د)ە خۆ ێـ ی. | تو سێڤەکی دØ خوە ی. |
| ئەو (د)ە چـ ێ Ø. | ئەو دØ چـ ت. |
| ئێمە نامەمان (د)ە نوسـ ی. | مە نامە دØ نڤیسـ ی. |
| ئەوان نانیان (د)ە خوار د. | وان نان دØ خـار Ø. |

هەروەها لەگەڵ ئاوەڵناوی کراویش لە کاری ڕابوردووی تەواو هەمان سیمای کاری هەواڵدانی کاتی ئێستای هەیە. بۆ نموونە:

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕســــتە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | مۆرفیمی ئاوەڵناو | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی لکاو/ توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بکەری | (١) تاك | وەستاوم | وەســتـ | ا | و | Ø | م | بکەر |
| | (٢) تاك | هاتوی | هـــا | تـ | و | Ø | ی | |
| | (٣) تاك | دانیشتوە | دانیشـــ | تـ | و | ە | Ø | |

بە هەمان شێوە تەنیا لە کەسی سێیەمی تاك دەرکەوتووە. لە کەسەکانی تر دەرناکەوێ[1]:

| جۆر | ژمارەی کەس | ڕســــتە | ڕەگی کار | مۆرفیمی ڕابوردو | مۆرفیمی ئاوەڵناو | مۆرفیمی ئێستا | ڕاناوی لکاو/توخم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕی بەرکاری | (١) کۆ | ماوین | مـــــ | ا | و | Ø | ین | بەرکار |
| | (٢) کۆ | گۆڕاون | گـــۆڕ | ا | و | Ø | ن | |
| | (٣) کۆ | مردون | مـــر | د | و | Ø | ن | |

٣ـ مۆرفیمی کاتی داهاتو (ێ/ Ø): مۆرفیمی (ێ/ Ø)ی کاتی داتوش یەکێکە لە مۆرفیمە نیمچە دەرکەوتووەکان، چونکە هەندێ جار دەرەکەوێ و هەندێ جار دەرناکەوێ:

لە کاری ڕانەبوردووی چاوگە تێنەپەڕە ئەلفیەکان و کارەکانی ڕانەبوردووی بکەرنادیار لە هەمو کەسەکان دەرەکەوێ:

---

[1] بڕوانە پوختەیەکی وردی ڕستەسازیی کوردی.

| چوگی تێپەڕ | تێنەپەڕی بکەری | چاوگی تێنەپەڕی بەرکاری |
|---|---|---|
| کوتان، پەستان، هەڵێنجان، دان، کێشان، پێکان، | وستان، چەرخان، | چەسپان، قەپان، ڕوتان، سوتان، |
| پێوان، شێلان، کێلان، هێلان، نان، هێنان، ... | دامەزران، گوزەران، | فەوتان، ترنجان، قنجان، |
| گرتن، گەستن، بێشتن، پاراستن، خواستن، خستن، | تۆران، پاران-، | گونجان، گرمخان، ڕوخان، خوران، |
| پەرستن، ڕستن، گواستن، بەستن، بیستن، ویستن، | سوڕان، گەڕان، | شۆران، وێران، پچڕان، دڕان، زڕان، |
| لێستن، ناشتن، ڕشتن، چەشتن، هاژۆشتن، شوشتن، | لەوەڕان، سازان، | دۆڕان، زان، ترازان، برژان، بۆرژان، |
| کوشتن، کرۆشتن،فرۆشتن، ڕۆیشتن، هاوێشتن، وتن، | کڕوزان، نوزان، | ڕژان، کوژان، شڵەژان، هەژان، |
| پەنداوتن، ئاخاوتن، ئەنگاوتن، پالاوتن، ... | گڕان، ئارسان، | تاسان، پسان، ترسان، گیرسان، |
| بژاردن، شاردن، ژماردن، ناردن، خواردن، بردن، | کاوان، دوان، | ئاوسان، خەسان، خوسان، نوسان، |
| کردن، بوردن، کەندن، خوێندن، ستاندن، | خولان، جولان، | ئایسان، نەخشان، ترشان، ڕشان، |
| ڕفتاندن، ڕیخاندن، چەراندن، درکاندن، | ژیان، گریان، | کشان، داڕوشان، دروشان، داوشان، |
| تەکاندن، سەنگاندن، لاواندن، نواندن، | ڕامان، .... | تلیشان، قلیشان، ئێشان، لەقان، |
| خایاندن، قیژاندن، چیڕاندن، لوراندن، | هاتن، نوستن، | شلەقان، بریقان، تکان، بزرکان، |
| گرماندن، بۆڕاندن، زیڕاندن، زریکاندن، | گەیشتن، خەوتن، | شکان، لکان، دامرکان، خلیسکان، |
| میاواندن، قیڕاندن، حیلاندن، نەڕاندن، شیڕاندن، | سرەوتن، ... | ختکان، تروکان، شەکان، پەشۆکان، |
| فیکاندن، چریکاندن، جریواندن، لەنگاندن، | حەپین، لەوچین، | توان، ڕوان، بزوان، شێوان، گوان، |
| چرپاندن، گماندن، قاسپاندن، قوقاندن، ... | بارین، زەڕین، | لوان، تلان، کولان، گلان، کوڵان، |
| پاچین، قاچین، شاخین، هاڕین، بڕین، چڕین، | فڕین، پەڕین، | مان، ڕمان، ڕوخان، پەلمان، کڕان، |
| سڕین، سڕین، کڕین، گۆڕین، دزین، دۆزین، مژین، | وەڕین، خوڕین، | دلۆپان، ... |
| تۆژین، ناسین، واسین، پرسین، نوسین، تاشین، | نازین، گەوزین، | بارین، خزین، ڕزین، لەرزین، |
| بەخشین، دۆشین، گوشین، لوشین، پۆشین، کۆشین، | گرژین، خشین، | بەزین، تەزین، تۆپین، تەقین، |
| نۆشین، گلۆفین، مالین، کۆلین، زانین، سمین، | چەقین، جەنگین، | تۆقین، چلەکین، کۆکین، پژمین، |
| توانین، ڕوانین، ڕنین، پشکنین، چنین، ئاخنین، | نالین، کەنین، | گەنین، مەیین، خەملین، ... |
| ژەنین، هۆنین، بینین، ... | | پشکوتن، کەوتن، ... |
| درون، سون، جون، هەنون، گرون، فەرمون، | | بون، هەبون، ... مردن، ... |

دەسوڕێـــم، دەسوڕێـــی، دەسوڕێø.

دەسوڕێـنرێـم، دەسوڕێـنرێی، دەسوڕێـنرێø.

دەشێوێـــم، دەشێوێـــی، دەشێوێø.

دەشێوێـنرێـم، دەشێوێـنرێی، دەشێوێـنرێø.

بەڵام لە چاوگەکانی تر تەنیا لە کەسی سێیەمی تاک دەرەکەوێ، چونکە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک دەرناکەوێ:

دەچـــøـم، دەچـــøـی، دەچـــێø.

دەیکێڵøـم، دەیکێڵøـی، دەیکێڵـێø، دەکـێـڵـرێø.

دەنـــوøـم، دەنـــوøـی، دەنـــوێø.

دەیانهێنـøـم، دەیانهێنـøـی، دەیانهێنـێø، دەهـێـنـرێø.

## ٤-٢- پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان لە ڕووی فۆرمەوە




دەتوانرێ لە ڕووی فۆرمەوە سێ جۆر لە مۆرفیمەکان جیابکرێنەوە:

یەکەم: مۆرفیمە فۆڕم سەربەستەکان: ئەو مۆرفیمانەن، لە ڕووی داڕشتنەوە سەربەستن بە هیچ مۆرفیمێکی ترەوە نەنوساون و هیچ کەرەسەیەکی زمانیی تریان لە پێش و لە دواوە پێوە نەلکاوە. واتە، لە پێش و لە پاشیان بۆشایی (سپێس ــspace) هەیە. مۆرفیمە سەربەسەتەکان لە ڕیزمانی دێریندا پێیان دەوترا «وشەی سادە». بە شێوەیەکی گشتی مۆرفیمە سەربەستەکان ناون بۆ ناوەرۆکێك، بۆیە؛ بەشێکی زۆری کۆمەڵەی وشەسادەکانی فرێزی ناوی دەگرێتەوە، وەك: (ناو، ڕاناو، ئاوەڵناو)ە سادەکان و ئامرازە سادەکان دەگرێتەوە:

(ناو): ئازاد، بێری، گوڵ، بەرد، مەڕ، کەو، شەو، ڕۆژ، هەولێر، ڕوبار، ...

(ڕاناوە سەربەخۆکان): من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، هین، ...

(ئاوەڵناو): جوان، پاك، ژیر، سور، سپی، سست، گەرم، زبر، ترش، خێرا، ...

(ژمارە): یەك، دو، نۆ، دە، بیست، سەد، هەزار، ملیار، ...

(ئامراز): لە، بۆ، بە، و، کە، بەڵام، چونکە، کێ، کەی، چۆن، کو، کوا، چەند، ...

(ئاوەڵکارە سادەکانی کات): ئێستا، زو، درەنگ، دوایی، ...

(ئاوەڵکارە سادەکانی شوێن): لا، ژێر، سەر، خوار، تەنیشت، ...

دووەم: مۆرفیمە فۆڕم بەندەکان: ئەو مۆرفیمانەن لە ڕوویداڕشتنەوە سەربەست نین و هەردەم بە پێشەوە یان دواوەی کەرەسەیەکی تری زمانی لکاون. ئەو کەرەسە سەرەکییەی چەق یان کرۆکی وشە داڕێژراوەکە دەگرێ، پێی دەوترێ مۆرفیمی تەوەرە (McCarus, 1958: 45). مۆرفیمە

بەندەکان لە ڕیزمانی دێریندا پێیان دەوترا «گیرەك». بە شێوەیەکی گشتی مۆرفیمە بەندەکان دابەشی سێ بەش کراون:

(پێشگرەکان ـ Prefixes): پێشگرەکان ئەو مۆرفیمە بەندانەن کە دەکەونە پێش مۆرفیمی تەوەرە.

(پاشگرەکان ـ Suffixes): پاشگرەکان ئەو مۆرفیمە بەندانەن کە دەکەونە دوای مۆرفیمی تەوەرە.

گیرەکەکان

| پێشگری یەکەم | پێشگری دوەم | پێشگری سێیەم | تەوەرە و ناوگر | پاشگری یەکەم | پاشگری دوەم | پاشگری سێیەم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕا | یانـ | دە | سپ+ێ+ر | ø | ینـ | ەوە |
| هەڵـ | تانـ | نە+ە←نا | بـژ+ێـ+ر | ø | نـ | ەوە |
| پاڵـ | یـ | دە | د | ا | ین | |
| هەڵـ | مانـ | نە+ە←نا | گر | ێ | ø | تـ ەوە |

مۆرفیمی تەوەرە، ئەو مۆرفیمە سەرەکییەیە کە واتای بنچینەیی وشەکەی لەسەر بەندە و بە گۆڕینی چەمکی بابەتەکە دەگۆڕێ. بە شێوەیەکی گشتی مۆرفیمی تەوەرە مۆرفیمێکی سەربەستە. واتە؛ وشەیەکی سادەیە. وەك: (گوڵ ← گوڵەکە ← گوڵەکان ← گوڵەکانمان)، مۆرفیمی سەربەستی گوڵ مۆرفیمی تەوەرەیە، چونکە واتای سەرەکیی وشەکانی لەسەر بەندە و بە گۆڕینی چەمکی بابەتەکە دەگۆڕێ. بۆ نموونە: (مناڵ ← مناڵەکە ← مناڵەکان ← مناڵەکانمان).

بەڵام ڕەگی کار لە پێکهاتەی کاریدا وەك (چاوگ و کاری گەردانکراو)، مۆرفیمی تەوەرەی پێکهاتەکە کە ڕەگی کارە و واتای سەرەکیی بابەتەکەی هەڵگرتووە، مۆرفیمێکی سەربەست نییە و بەندە. واتە، ڕەگی کار هەردەم مۆرفیمێکی بەندە، چونکە هەرگیز بە تەنیا دەرناکەوێ. تەنانەت ئەگەر ڕەگی کار بە تەنیا دەرکەوت، واتای ڕەگی کار نادا و لە شێوەی ناو یان ئاوەڵناو دەرەکەوێ. وەك لە چاوگەکانی: (دزین ← دز)، (پرسین ← پرس)، (ئێشان ← ئێش)، (کێشان ← کێش)، (چەرخان ← چەرخ)، (جەنگین ← جەنگ)، (ترشان ← ترش)، (ئاوسان ← ئاوس).

ناوگرەکان:[1] ڕەگی کار ئەو گیرەکانەن کە ڕەگ دەسمن (Crystal, 1992: 9). واتە، ناوگر ئەو مۆرفیمە بەندانەن کە لە ناوەڕاستی ڕەگی کاردا دەچەقن و واتایەکی سەربار بە ڕەگی کارەکە دەبەخشن. وەك لە زمانی عەرەبیدا (کتب/ کەتەبە = نوسی ← کتب/ کوتیبە = نوسرا). لە زمانی کوردیدا دەتوانرێ لە هەندێ ڕەگی کاردا هەست بە بوونی دەرکەوتنی (ێ)ی مۆرفیمی کاتی داهاتو بکرێ، لە ڕەگی هەندێ کاری ڕانەبوردوودا دەرەکەوێ. وەك:

[1] Infixes.

| چاوگ | ڕەگ | کاری ڕابوردو | کاری ڕانەبوردو |
|---|---|---|---|
| ڕشتن | ڕش | ڕشتم | دەڕێژØم |
| ناشتن | ناش | ناشتت | دەنێژØی |
| داشتن | داش | داشتی | دەدێرێØ |
| بژاردن | بژار | بژاردمان | دەبژێرØین |
| ناردن | نار | ناردتان | دەنێرØن |
| ژماردن | ژمار | ژماردیان | دەژمێرØن |
| شاردنەوە | شار | شاردمەوە | دەشێرØمەوە |
| هاڕین | هاڕ | هاڕیت | دەهێڕØی |

ئەوەی جێگەی سەرنجە، سەرباری ئەو (ێ)یەی مۆرفیمی کاتی داهاتو کە وەك ناوگر لە ناوەڕاستی ئەو ڕەگی کارانە دەرکەوتووە، مۆرفیمی (ێ)ی کاتی داهاتووی ئاساییش هەر دەرەکەوێ. بەڵام ئەوە دیار نییە، ئایا ناوگرەکە واتای داهاتوو بە پێکهاتەکە دەبەخشێ؟ یان وەکوو کارەکانی تر تەنیا مۆرفیمی (ێ)ی داهاتووی ئاسایی واتاکەی پێ دەبەخشێ؟

ناوبەند:[1] ناوبەند ئەو مۆرفیمە بەندانەن لە شێوەی دەنگێك (مۆرفۆفۆنیم)[2] دو مۆرفیمی سەربەست بەیەکەوە دەبەستنەوە و وشەیەکی لێکدراو دروستدەکەن. وەك:

مۆرفۆنیمی (ە): ← مێرگەسور، گوڵەگەنم، شیرەخۆر، دەنگەدەنگ، سەرەمەرگ، ...

مۆرفۆنیمی (ی): ← کۆشکی سپی، سەنگی مەحەك، ئاوی فەراك، تۆپی پێ، چاڤی لاند، ...

مۆرفۆنیمی (و): ← هاتوچۆ، کوڕوکاڵ، خاکوخۆڵ، هیچوپوچ، ...

سێیەم: مۆرفیمە نیمچە سەربەستەکان: ئەو مۆرفیمانەن کە بە هەمان فۆڕمی فیزیاوی، هەندێ جار لە شێوەی سەربەست و هەندێ جار لە شێوەی بەند، بەڵام بە ئەرکی جیاواز لە زماندا دەرەکەون. وەك: هەندێ لە ڕەگی کارەکان، بۆ نموونە:

مۆرفیمە نیمچە سەربەستەکان

| چاوگ | ڕەگی کار وەک مۆرفیمی بەند | فرێزی ناوی وەک مۆرفیمی سەربەخۆ |
|---|---|---|
| دزین | گەندەڵکاران سامانی وڵاتیان دزی. | ئەم شەو دز هاتەماڵمان. |
| پرسین | گەر شتێکت نەزانی بپرســە. | پرس بە ژنەکەت بکە، بەڵام.. |
| ئێشان | هێندەی گوت، سەری ئێشاندم. | لەبەر ئێشی ددانم ئارامم نیە. |
| جەنگین | لە پێناو ئاشتی دەجەنگین. | جەنگ وێرانیی بەدواوەیە. |
| ئاوسان | زۆر دامەنیشە! قاچەکانت دەئاوسێ. | مانگای ئاوس نرخی زۆرترە. |

[1] Inter-fixes.

[2] Morphophonemic.

## ۵ـ پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان لە ڕووی ناوەرۆکەوە (واتا)

لە ڕووی ناوەرۆك یا خود واتاوە دەتوانرێ دوو جۆر لە مۆرفیمەکان جیابکرێنەوە:

یەکەم، مۆرفیمە واتا سەربەخۆکان: ئەو مۆرفیمانەن لە ڕووی واتاوە سەربەخۆن. هەندێکیان لە ڕووی واتا و فۆڕمەوە دەتوانرێ بە پێی ڕیزبەندیی پیتەکان (ئەلف و بێ)[1] لە فەرهەنگەکاندا بدۆزرێنەوە. هەندێکی تریان واتای سەربەخۆیان هەیە بەڵام لە ڕووی فۆڕمەوە بەندن و لە فەرهەنگدا وەك وشەی سەربەخۆ دەرناکەون. بەم پێیە دەتوانرێ مۆرفیمە سەربەخۆکان لە ڕووی واتاوە دابەشی دوو جۆر بکرێن:

جۆری یەکەم، سەربەخۆی سەربەست: ئەو مۆرفیمانەن کە لە ڕووی واتاوە سەربەخۆن و لە ڕووی فۆڕمەوە سەربەستن. وەك سەرجەم وشە سادەکان کە لە فەرهەنگەکاندا ڕیزبەند دەکرێن. وەك: زەوی، دار، بەرد،ساڵ، هەزار، شین، سپی، سێو، مەڕ،... ڕاناوە سەربەخۆکان: من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان. ڕاناوەکانی پرس: کێ، کەی، چەند، کوێ، چۆن، کام، ...

جۆری دوەم، سەربەخۆی بەند: ئەو مۆرفیمانەن کە لە ڕووی واتاوە سەربەخۆن و لە ڕووی فۆڕمەوە بەندن. وەك: ڕاناوە لکاوەکان (م، ی، ø، ین، ن، ن، م، ت، ی).

دووەم، مۆرفیمە واتا بەندەکان: ئەو مۆرفیمانەن کە لە ڕووی واتاوە ناتوانرێ قەوارەی ناوەرۆکێکی سەربەخۆی بۆ دابنرێ و واتاکەی لە نێوان مۆرفیمەکانی دەورو،بەری دەدۆزرێتەوە. واتە، ناوەکە دیارە، بەڵام ناولێنراوەکە چەمکێکی دەرجەستەی سرکە و لە کاتی بەکارهێنان نەبێ خۆی نادا بەدەستەوە و واتاکەی دەرناکەوێ. مۆرفیمە واتا بەندەکانیش دو، جۆرن:

جۆری یەکەم، واتا بەندی فۆڕم بەند: ئەو مۆرفیمانەن کە لە ڕووی واتا و فۆڕمەوە بەندن و لە داڕشتندا بە مۆرفیمەکانی ترەوە دەلکێن. دەتوانرێ چوار جۆر لەو مۆرفیمانە جیا بکرێنەوە:

مۆرفیمەکانی واتا بەندی فۆرم بەند

| پێشگرەکان | ناوبەندەکان | ناوگرەکان | پاشگرەکان |
| --- | --- | --- | --- |
| هەڵگرتن | مێرگەسور | دەبیژێرم | کورەکە |
| داگرتن | دەردەدڵ | دەیاننێرم | شەوان |
| لێگرتن | تۆپەپێ | دەیاننێژن | هاتەوە |
| پێگرتن | چاڤپلاند | بیانژمێرە | ئاسنگەر |
| تێگرتن | هاتوچۆ | بیرێژە | مەلەوان |

[1] alphabet.

جۆری دووەم، واتا بەندی فۆرم سەربەست: ئەو مۆرفیمانەن کە لە ڕووی واتاوە بەندن بەڵام لە ڕووی فۆڕمەوە سەربەستن. واتە، لە داڕشتندا بە مۆرفیمەکانی ترەوە نالکێن و لە پێش و لە دواوەیان بۆشایی (سپێس)[1] هەیە، بەڵام واتاکەیان بەندە و لە کاتی بەکارهێناندا لە نێوان وشەکانی دەورووبەری دەدۆزرێتەوە. وەك: ئامرازەکانی لێکدەر و پەیوەندی (بە، لە، وە، و، بۆ، کە، ...):

(بە): ← من لیرەیەکی زێڕم بـــە ئەو دا.
(لە): ← من لیرەیەکی زێڕم لــە ئەو دا.
(وە): ← من لیرەیەکی زێڕم وە ئەو دا.
(بۆ): ← من لیرەیەکی زێڕم بـــۆ ئەو دا.
(کە): ← کـــە زۆر هات، قەوارە بەتاڵە.
(و): ← کوردی و فارسی و بلوجی و ئەسیتی و پشتو زمانی ئارین.

## ٦- پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان لە ڕووی ئەرکی وشەسازیەوە

لە ڕووی ئەرکی وشەسازیەوە مۆرفیمەکان بەسەر دوو جۆر دابەشدەکرێن، مۆرفیمەکانی وشەگۆڕ و مۆرفیمەکانی وشەنەگۆڕ.

**یەکەم، مۆرفیمەکانی وشەگۆڕ:**[2] ئەو مۆرفیمانەن کە دەچنە سەر مۆرفیمێکی تەوەرەیی واتایەکی نوێ بە پێکهاتەکە دەبەخشێ و چەمکی مۆرفیمە سەرەکییەکە دەگۆڕێ بۆ چەمکێکی تر. واتە، وشەیەکی نوێ دادەڕێژرێ. بۆیە زاراوەی «مۆرفیمەکانی وشەداڕێژ»یشی (حاجی مارف، ٢٠٠٤: ٣٤٣) بۆ بەکارهاتووە. ئەرك ئەو مۆرفیمانە لە ئاستی وشەسازیدایە و لە فەرهەنگسازیدا ڕۆلی بەرچاویان هەیە. لە مۆرفیمەکانی بەند و سەربەخۆش جۆری وشەگۆڕیان تیادا هەیە:

مۆرفیمی بەند:

مۆرفیمی پێشگر:

ئەلف) هەڵ: هەڵگرتن، هەڵچوون، هەڵکەوتن، هەڵکردن، هەڵدان، هەڵبەزین، هەڵهێنان، هەڵخستن، هەڵکوتان، هەڵدان، هەڵشێلان، هەڵبەستن، هەڵڕشتن، هەڵپەنداوتن، هەڵبژاردن، هەڵکەندن، هەڵتەکاندن، هەڵپاچین، هەڵدرین، هەڵقاچین، هەڵشاخین، هەڵبڕین، هەڵمژین،

[1] Space.
[2] Derivational morpheme.

هەڵواسین، هەڵگووشین، هەڵلووشین، هەڵگلۆفین، هەڵماڵین، هەڵکۆڵین، هەڵچنین، هەڵسوڕان، هەڵکروزان، هەڵگژان، هەڵهاتن، هەڵفڕین، هەڵپەڕین، هەڵوەرین، هەڵپچڕان، هەڵتوتان، هەڵزڕان، هەڵگیرسان، هەڵئاوسان، هەڵایسان، هەڵکشان، هەڵقلیشان، هەڵشەقان، هەڵبزرکان، هەڵتروکان، هەڵقولان، هەڵخزین، هەڵلەرزین، هەڵبەزین، هەڵتۆقین، هەڵبوون، ...
بەم جۆرە توانرا بەلای کەمەوە (٥٤) چاوگی داڕێژراوی سەربار بخەینە سەر چاوگە داڕێژراوە لێکسیمیەکان. لە هەر پێشگرێك دەتوانرێ هەندێك چاوگی سەربار دابڕێژین:

| | دا ـ | | را ـ | لێ ـ | پێ ـ | تێ ـ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| داکوتان | دادان | دانواندن | ڕادان | لێدان | پێدان | تێکوتان |
| دانان | داهێنان | دابڕین | ڕاهێنان | لێنان | پێگرتن | تێپەستان |
| داگرتن | داخستن | دادۆشین | ڕاخستن | لێگرتن | پێبژاردن | تێدان |
| دابەستن | داڕشتن | داماڵین | ڕاکردن | لێبەستن | پێخواردن | تێنان |
| داکردن | داکەندن | داڕسان | ڕاماڵین | لێبژاردن | پێکردن | تێگرتن |
| داتەکاندن | داشۆران | داڕمان | ڕامان | لێبوردن | پێژماردن | تێخستن |
| داپاچین | داڕژان | داڕوتان | ڕاپەڕین | لێپرسین | پێناسین | تێبردن |
| داتاشین | دانوسان | داخوران | ڕابون | لێکۆڵین | پێبەخشین | تێکردن |
| داپۆشین | داڕوشان | دادڕین | ڕاکێشان | لێژەنین | پێزانین | تێڕامان |
| داڕنین | دامان | داگیرسان | ڕاگرتن | لێدوان | پێکەنین | تێسرەوتن |
| داگەڕان | داڕوخان | داکشان | ڕاگواستن | لێزان | پێسوتان | تێخوڕین |
| داقەپان | داچڵەکین | داشکان | ڕابوردن | لێچون | پێخوران | تێچەقین |
| داڕوخان | داکەوتن | داڕمان | ڕاوەستان | لێکەوتن | پێوێران | تێلەقان |
| | | دابەزین | ڕاهاتن | ١٣چاوگ | پێکەوتن | تێشکان |
| | ٤٠ چاوگ | | ڕاخوشین | | پێبون | تێچون |
| | | | ١٥چاوگ | | پێچون | ١٥چاوگ |
| | | | | | ١٦چاوگ | |

**مۆرفیمی ناوبەند:**

ـــ پیرەمێرد، قەیرەکچ، پیرەژن، تەقەتەق، فەریکەنۆك و ...

ـــ تۆپیپێ، ئەستێرەی دەریا، ترپەی دڵ، بەریبەیان و ...

ـــ شاڵوشەپاڵ، ڕانکوچۆخەڵ، کاروبار، ڕەنگاوڕەنگ و ...

**مۆرفیمی پاشگر:**

ـــ خوێندنەوە، خواردنەوە، بیرچوونەوە، گەڕانەوە، ڕشانەوە، سوڕانەوە، کردنەوە، بردنەوە و ...

ـــ باخەوان، شاخەوان، مەلەوان، دەرگەوان، پاسەوان، کەشتیەوان، بەرخەوان و ...

ـــ چاپچی، قومارچی، پەنچەرچی، قاوەچی، قۆشمەچی، گاڵتەچی، سەعاتچی، حەڵواچی و ...

ـــ ئاسنگەر، زێڕینگەر، مسگەر و ...

**مۆرفیمی سەربەخۆ:**

ــ سەرگرتن، بەرگرتن، خۆگرتن، لاگرتن، دڵگرتن، ڕێگرتن، زارگرتن، پشتگرتن و ...

ــ سەرخستن، پێشخستن، پاشخستن، دەرخستن، بەرخستن، دواخستن، ژێرخستن و ...

ــ سەرکەوتن، بەرکەوتن، دەرکەوتن، ژێرکەوتن، دواکەوتن، پێشکەوتن، پاشکەوتن و ...

ــ منداڵبوون، گەورەبوون، بەربون، دەربوون، سڕبوون، سەوزبوون، وشکبوون، وڕبوون و ...

ــ دەرکردن. کۆچکردن، سەرسووڕان. دەرچوون، سکچوون، بیرچوون و ...

ــ خەباتکار، کرێکار، خوێندکار، سەرکار، بەرکار، جوانکار، ڕاوێژکار، ستەمکار و ...

ــ ماستاو، بەفراو، خوێناو، قوڕاو، ڕەشاو، سوراو، گەرماو، گوڵاو، نەفتاو، شەکراو و ...

**دووەم، مۆرفیمەکانی وشەنەگۆڕ:**[1] ئەو مۆرفیمانەن کە دەچنە سەر مۆرفیمێکی تەوەرەیی واتای بنەڕەتیی مۆرفیمە تەوەرەییەکە ناگۆڕێ، بەڵام دۆخێکی تازەی پێدەبەخشێ. واتە، هەمان واتا بنچینەییەکەی وشەکە کە لە فەرهەنگدا هەیە ناگۆڕێ، بەڵام بەهۆی پێشگر یان پاشگرەکان وردە واتایەکی ڕێزمانی دەخرێتەسەر کە دۆخێکی تازەی پێدەبەخشێ. وەك:

**مۆرفیمی پێشگر:**

ــ (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا: ەچم، ەچووم، ەیگرم، ەیگرتم، ەیانبینم، ەیاندیتم،...

ــ (نـ)ی مۆرفیمی نەرێ: نەچم، نەچووم، نەیگرم، نەیگرتم، نەیانبینم، نەیاندیتم،...

ــ (مـ)ی مۆرفیمی فەرمانی نەرێ: مەکە، مەچۆ، مەیگرن، مەیهێنە، مەیانبینن، مەنووسە،...

ــ (بـ)ی مۆرفیمی ئارایی: بیگرە، بمگرتایە، بتانگرێ، بیانهێنە، بتهێنایە، بیهێنێ،....

**مۆرفیمی پاشگر:**

ــ پاشگری بچووککردنەوە: کاریلە، کوڕۆکە، شارۆچکە، داسولکە، مێر،ولە،گردۆلکە.....

ــ پاشگری ڕاناو: باوکم، براتان، بردمان، زیرەکن، خواردیان، وڵاتمان،.....

ــ پاشگری ناسین و نەناسین: گوڵەکە، کوڕەکە، شارەکە... گوڵێك، کوڕێك، شارێك...

## ٧- مۆرفیم و وشە و ئامراز

### ٧-١- کێشەکانی مۆرفیم

ئەگەر بلومفیلد و هاوڕاکانی کێشەیان هەبووبێ لەگەڵ واتا بەگشتی، هاتنەئارای بیرۆکەی مۆرفیم هەموو کێشەکانی چارەسەر نەکرد. بلومفیلد لەو باوەڕەدابوو، کە لێکۆڵینەوەی واتا

[1] Inflexional morpheme.

لاوازترین خاڵی توێژینەوە زمانەوانییەکانە، باشتر وایە بواری زانستی زمان بەو بابەتانە سنووردار بکەین کە دەتوانرێ تێبینی بکرێن و تاقیبکرێنەوە و بپێورێن. لە کۆتاییدا بلۆمفیلد بڕیاریدا کە «توێژینەوەی واتای فەرهەنگی و دواتر واتاسازی دەکەونە دەرەوەی بواری ڕاستەقینەی زانستی زمان» (مختار عمر، ۱۹۸۲: ۲٤). لە ڕاستیدا بلومفیلد هەوڵی ئەوەی دەدا: وەك هەر زانستێکی تری سرووشتی، زمانەوانیش لە زانستێکی وێژەیی یان مرۆڤایەتی بگۆڕێ بۆ زانستێکی سرووشتی یان ڕووت، بەوەی یەکەیەکی پێوانە بۆ لایەنی دوەمی زمان کە واتایە بدۆزێتەوە، چونکە لایەنی یەکەمی کە دەنگەکانە کەرەسەیەکی پێوراوە. لای ئەو زنجیرە دەنگەکانی ئاخاوتن کاردانەوە یان وەڵامدانەوەن بۆ کارتێکەرە دەرەکی یان ناوەکییەکان، ئەم کارتێکەرانە کرۆکی ڕاستەقینەی واتای زنجیرە دەنگەکانە. ئەمەش لە چەند نوسراوێکی خودی خۆی ڕەنگدەداتەوە (۲٦-۲۷):

۱- مرۆڤ لە ئەنجامی شێوەی دیارکراو لە کارتێکەرەکان دەنگەکان دەرەکا و خاوەنەکانی دەیبیسن و وەڵامدانەوەی گونجاو پێشکەش دەکەن. لە ئاخاوتنی مرۆڤدا: دەنگە جیاوازەکان واتای جیاواز هەڵدەگرن. لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان دەنگە دیارکراوەکان و واتا دیارکراوەکان واتە، توێژینەوەی زمان.

۲- پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە توێژینەوەی دەنگسازی پێویستیی بە زانیاری لەسەر واتا هەیە و بەبێ ئەو زانیاریە ناتوانرێ ڕووکارەکانی فۆنیم دەستنیشان بکرێن.

۳- ئەم وەرگیراوەش لە وتاری بلومفیلد لە بەرواری ۲۹ی کانونی دوەمی ۱۹٤۵ کە لە کۆتاییەکانی ژیانی (۱۹٤۹ کۆچی دوایی کرد) بۆ برادەرێکی ناردوە: «جێگەی داخە کە وا باوە کە من - یان کۆمەڵێك لە زمانەوانان و من یەکێك لەوان - هیچ بایەخێك بە واتا نادەم، یان من فەرامۆشی دەکەم، یان بەبێ واتا لە زمان دەکۆڵمەوە. بە شێوەیەکی سادە وەك ئەوەی زمان زنجیرە دەنگێکی بێ واتا بێ ... ئەمە تەنیا شتێکی کەسیی تایبەت نییە، بەڵکوو ئەگەر ڕێگە بە پیادەکردنی «پراکتیزەکردنی» بدرێ، دەبێتە ڕێگر لە پێشکەوتنی زانستەکەمان، بە دانانی دژەبۆچوونێکی بەهەڵەبراو لەنێوان ئەو توێژەرانەی بایەخ بە واتا دەدەن و ئەوانەش کە وازیلێدێنن، یان فەرامۆشیدەکەن. تیمی دواوە - وەکو بزانم - لەئارادانین».

لە سۆنگەی ئەو دەقە وەرگیراوانەی بلومفیلد، فۆولەر[1] لە دەربڕێکدا دەڵێ: «کەواتە، ڕۆبنس دادوەر نەبوو کە دورخستنەوەی واتای خستەپاڵ بلومفیلد، بە پاساوی ئەوەی دەکەوێتە دەرەوەی بواری ڕاستەقینەی زانستی زمان. بلومفیلد نەیوتووە نابێ زمانەوان باسی واتا بکا، هەروەها

[1] Fowler.

بلومفیلْد ئەوەی فەرامۆش نەکردووە کە ئاماژە بە واتا بکا و باسی بایەخی واتا بکا لە لقەکانی تری زمانەوانی سەرباری ڕۆلی واتا لە لقی سیمانتیکدا» (مختار عمر، ١٩٨٢: ٢٧). لە ئەنجامدا هەوڵەکانی بلومفیلْد ئەوەی لێکەوتەوە کە مۆرفیم بێتە ئارا، بەوەی بچووکترن دانەی واتاداری زمانە، بەڵام دۆزینەوەی مۆرفیم هەموو گرفتەکانی چارەسەر نەکرد و ئاواتەکەی بلومفیلْد یش نەهاتەدی، چونکە ئەو دەیەویست یەکەیەکی پێوانە بۆ واتا بدۆزێتەوە و واتاش ببێتە کەرەسەیەکی پێوراو. دەتوانرێ هەندێ لە کەموکوڕیەکانی بیردۆزەی مۆرفیم لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینەڕو:

**یەکەم**: مۆرفیم نەبوو بە یەکەی پێوانەی واتا، کە بتوانرێ سەرجەم واتا زۆر و کەمەکانی پێ بپێورێ. تەنانەت قەوارەی دانە مۆرفیمێکیش لەگەڵ دانەیەکی تر جیاوازە لە ڕوخساری دەنگی و چەمکی ناوەرۆکی. بۆ نموونە: مۆرفیمی «دەرزی» لە پێنج فۆنیم پێکهاتووە، شتێکی زۆر بچووك و کەم بایەخە، بەڵام مۆرفیمی «خوا» لە سێ فۆنیم پێکهاتووە، کەچی لە مەزنیدا بێپایانە و لە بایەخدا شکۆدارە.

**دووەم**: دیارنەکەوتنی واتای فەرهەنگیی یان چوارچێوەداری هەندێ مۆرفیمی وەك ئامرازەکانی پەیوەندی و هەندێ لە گیرەکەکان، زمانەوانانی بە هەڵەدا بردووە و ناویاناون مۆرفیمی بێ واتای ئەرکی. واتە، ئەو مۆرفیمانە واتایان نییە و تەنیا ئەرکیان هەیە. ئەمەش پێچەوانەی خودی پێناسەی مۆرفیمە کە لەسەر بنچینەی واتا بنیاتنراوە: مۆرفیم، بچووکترین دانەی واتاداری زمانە. کەچی ناتوانرێ، شوێنیان ئاڵوگۆڕ بکرێ بێ ئەوەی کار لە واتای گشتیی ڕستەکە بکەن و بە ئاڵوگۆڕکردنیان واتای گشتیی چەمکەکە دەگۆڕێ.

(**بە**): زێڕینگرەکە یاقوتێکی گەورەی **بە** کوڕەکەی دا.

(**لە**): زێڕینگرەکە یاقوتێکی گەورەی **لە** کوڕەکەی دا.

(**وە**): زێڕینگرەکە یاقوتێکی گەورەی **وە** کوڕەکەی دا.

**سێیەم**: بوونی ئەو مۆرفیمانەی تەنیا واتایان هەیە و قاڵبێکی فیزیکی بەرجەستەیان نییە، کە پێیاندەوترێ مۆرفیمی سفر، لە چەندین شوێن زمانەوانانی بەهەڵەدا بردووە. وەك:

دانانی شەش ئەلۆمۆرف بۆ ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لە دەستەی ڕێککەوتن (م، ی، ø، ین، ن، ن) کە ئەمانەن (ا، ات، ێ، ێت، ت، ە)، کە لە ڕاستیدا هیچیان ئەلۆمۆرفی ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك نین و لەو دەستەیەدا تەنیا (ø) مۆرفیمی ڕاناوی لکاوە.

بەهۆی دەرنەکەوتنی (بـ)ی ڕەگی چاوگی «بوون» لە ڕستەی هەواڵدانی کاتی ئێستادا، بە هەڵە بڕیار لەسەر هەبوونی ڕستەی بێ کار دراوە و ناونراوە ڕستەی ناوی (الجملة الإسمیة). وەك:

ئازاد زیرەکە.

نەوزاد نەخۆشە.

**چوارەم**: بوونی پتر لە وردە واتایەك (بچووکترین واتا) لە هەندێ مۆرفیمدا، کە دەبێ مۆرفیم تەنیا یەك وردە واتای تیادابێ. وەك بوونی پتر لە وردە واتایەك لە ڕاناوە لکاوەکانی کەسە کۆیەکان لە دەستەی ڕێککەوتن:

| ڕاناوە سەربەخۆکان | ڕاناوە لکاوەکانی خاوەنی | ڕاناوە لکاوەکانی ڕێککەوتن |
| --- | --- | --- |
| من | م | م |
| تۆ | ت | ی |
| ئەو | ی | Ø |
| ئێمە | مان | ین |
| ئێوە | تان | ن |
| ئەوان | یان | ن |




**پێنجەم:** لە لایەك بوونی هەندێ مۆرفیمی فۆڕم بەندی واتا سەربەخۆ، وەك ڕاناوە لکاوەکان و مۆرفیمی (ر)ی بکەر نادیار (ئاوەڵناوی بکەر) وەك لە (نووسەر، خوێنەر، بینەر، پارێزەر....) و مۆرفیمی (و)ی بەرکار نادیار (ئاوەڵناوی بەرکار) وەك لە (مردو، خنکاو، سووتاو، ڕزیوو، کەوتوو ...). تەنانەت کۆبوونەوەی هەردوو مۆرفیمەکە لە هەندێ «ئاوەڵناوی کراوی بکەرنادیار»دا وەك (نووسراو، بینراو، بیسراو، کوژراو، برژێنراو، سوتێنراو...). لە لایەکی تر بەپێچەوانە، بونی هەندێ مۆرفیمی فۆڕم سەربەخۆی واتا بەند، بوەتە هۆی سەرلێشێوانی زمانەوانان لە پۆلێنکردنی مۆرفیمەکان، کە نازانرێ پشتییان بە ڕوخساری مۆرفیمەکان (فۆڕم) بەستووە، یان ناوەڕۆك (واتا). نموونە لە مۆرفیمەکانی فۆڕم سەربەخۆی واتا بەند وەك:

(و): من و ئەو وتارەکەمان نووسی و خوێندمانەوە.

(کە، لە، بە): کە کار لە کار ترازا، برا دەبێ بە برازا.

(با، ئەگەر، چی): با خوێندەوار بێ، ئەگەر ڕۆشنبیر نەبێ بە چی دەچێ؟

**شەشەم:** هەندێ مۆرفیم بەهۆی بوونی واتایەکی دیارکراو دەتوانن پتر لە ئەرکێکی ڕێزمانی ببینن. بۆ نموونە مۆرفۆفۆنیمی (ە) کە واتای نزیکی دەدا، دەتوانێ ئەم ئەرکانە ببینێ:

ئەرکی مۆرفیمی کاتی ئێستا: ئازاد قوتابییـە، ژیرە، زیرەکـە... (واتە، لە کاتی ئێستادا، کە نزیکترین کاتە و دەمی ئاخاوتنە).

ئەرکی ئامرازی پەیوەندی (بەستن): ئازاد هاتــە هەولێر، ئینجا چووە دهۆك. (لەیەك نزیککردنەوە و بەیەکەوە بەستنەوەی هات + هەولێر، چو + دهۆك).

ئەرکی ناوبەندی (بەستنەوە): مێرگـەسوور، شارەزوور، پیرەژن. (لەیەك نزیککردنەوە و بەیەکەوە بەستنەوەی مێرگ و سوور، شار و زوور، پیر و ژن).

## ٧-٢- جیاوازیی نێوان وشە و ئامراز

٧-٢- جیاوازیی نێوان وشە و ئامراز

توێژینەوە لەسەر وشە و پۆلێنکردنی، مێژوویەکی پڕپیتی هەیە و لە زووەوە زمانەوانان هەستیان بە جیاوازیی نێوان وشە پڕواتاکان و وشە واتابەندەکان کردووە، بۆیە زمانەوانێکی ئینگلیزی وەك هێنری سویت بە وشەی تەواو[1] و وشەی فۆڕمی[2] ناویان دەبا (Sweet, 1891: 22)، کە ئێستا پێیاندەوترێ وشە و ئامراز. کەواتە، جیاوازیی لەنێوان وشە و ئامرازەکان چییە؟ چۆن دەتوانین وشە و ئامرازەکان لەیەك جیا بکەینەوە؟ لە ڕستەیەکی وەکو «ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ بە تەکسی چوو بۆ زانکۆ»دا چەند وشە و چەند ئامراز هەن؟ وشەکان کامانەن؟ و ئامرازەکان کامانەن؟ لە وەڵامدا دەتوانرێ بوترێ:

وشە: ئەو کەرەسەی ڕستەیە کە دەتوانرێ پرسیاری دەربارە بکرێ، یان وشە دەتوانێ ببێتە وەڵام بۆ پرسیارێك.

ئامراز: ناتوانرێ پرسیاری دەربارە بکرێ و نابێتە وەڵام بۆ پرسیار.

پرسیارەکانیش بەم شێوەیەن:

(کێ؟) بۆ پرسیارکردن دەربارەی گرووپی ناوی (ئازاد، من، ئەو، جوانەکە ...).

(کەی؟) بۆ پرسیارکردن دەربارەی کات (ئەمڕۆ، بەیانی، ئێستا، زوو ...).

(کوێ؟) بۆ پرسیارکردن دەربارەی شوێن (ئێرە، لەسەر، ئەوێ، هەولێر ...).

(چی؟) بۆ پرسیارکردن دەربارەی شت (نان، دار، خانوو، پێنووس ...).

(چی کردن؟) بۆ پرسیارکردن دەربارەی کارکردن (چو، هات، دەخوێنێ، نووسی....).

(چۆن؟) بۆ پرسیارکردن دەربارەی چۆنیەتی (خێرا، هێواش، بەپەلە، بەباشی....).

(چەند؟) بۆ پرسیارکردن دەربارەی چەندێتی (پێنج، زۆر جار، کەمێ، زۆر....).

---

[1] full words.

[2] form words.

کەواتە؛ دەتوانرێ ئەم پرسیارانە لەسەر ئەو ڕستەیەی سەرەوە پڕاکتیزە بکەین:

(ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ بە تەکسی چو بۆ زانکۆ.)
(۱) (۲) (۳) (٤) (٥) (٦) (٧) (٨) (٩)

(۱) کێ دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ بە تەکسی چو بۆ بازاڕ؟.
(۲) ئازاد کەی بەپەلە کاتژمێر نۆ بە تەکسی چو بۆ بازاڕ؟.
(۳) ئازاد دوێنێ چۆن کاتژمێر نۆ بە تەکسی چو بۆ بازاڕ؟.
(٤) ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر چەند بە تەکسی چو بۆ بازاڕ؟.
(٥) ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ (بـە) تەکسی چو بۆ بازاڕ؟.
(٦) ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ بە چـی چو بۆ بازاڕ؟.
(٧) ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ بە تەکسی چی کرد؟.
(٨) ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ بە تەکسی چو (بـۆ) بازاڕ؟.
(٩) ئازاد دوێنێ بەپەلە کاتژمێر نۆ بە تەکسی چو بۆ کوێ؟.

**ئایا دەتوانرێ چ پرسیارێک دەربارەی ئامرازەکانی پەیوەندیی (بـە) و (بـۆ) بکرێ؟**

پێشتر بە چەندین شێوە وشە پێناسە کراوە. بۆ نموونە:

وشە «تەنیا لفظێکە کە مەعنای ببێ، وەکوو: پیاو، درەخت، ئەستێرە، بەرد ...» (صدقی، ۱۹۲۸: ٦).

وشە «ئەو وشەیەیە کە لە دەنگێ یا چەند دەنگێ پێك ئەهێنرێ و ئەوترێ و ئەنوسرێ، وەك (خ، ا، ن، ز، ا، د) ئەگەر بدرێنە دەم یەکتر، وشەی «خانزاد»ی لێ پێك دێ» (عەلی ئەمین، ۱۹۵۸: ۹).

وشە «وتە (کلمة) وشەیەکە کە مەبەستێکی ببێ، وەك: دار، کار، ژن، من، بڕین، دڕین (خاڵ، ۱۹٦۰: ۳۱).

وشە «ئەو بێژەیەیە کە رستەی لێ پێك دەهێنرێت». «وشە یا واژە لە چەند دەنگێك پێك دێ» (مستەفا رەسوڵ و هاریکاران، ۱۹۷۲: ۲٥ و ۲۸).

وشە «وشەی تەواو ــ ئەو وشانەن کە مانای دیاردەیەکی (ظاهرة) مەوزوعی واقیعی جۆراوجۆر دەبەخشن. وەك: ناو و ئاوەڵناو و ژمارە و کردار و جێناو ...ن. وشەی ناتەواو ــ ئەو وشانەن کە بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندییان بە دیاردەی واقعی‌یەوە نییە و مانایان شێوەی تایبەتی خۆی هەیە. وەك: پیتی بانگهێشتن و وشەی یاریدەدەر ...» (حاجی مارف، ۱۹۷٥: ۷). کەواتە بە شێوەیەکی گشتی وشە - ئەو زنجیرە دەنگەیە ئاماژە بە کەرەسەیەکی بەرجەستە یان دەرجەستە دەکا، کە لە مێشکدا بوونی هەیە. کەرەسەی بەرجەستە، وەك: دار، بەرد، من، تۆ، خواردن، خۆر ... . کەرەسەی دەرجەستە، وەك: فریشتە، جنۆکە، خۆشەویستی،

باش. هەندێ وشە لە کەتواردا لە ئارادا نین و لە مێشکدا بوونیان هەیە، وەك: دێو، بەخت، شەوە.

## ٨- ئەنجام

لە ئەنجامی نووسین و خوێندنەوە و توێژینەوەی بابەتی بەرباس، دەگەینە ئەم ئەنجامەی کە مۆرفیم بچوکترین دانەی زمانە و خاوەنی واتا و ئەرکە، کە ئەو کاتە دەبێ وشەیەک بێت، یان تەنیا ئەرکی هەیە و واتای نییە، ئەو کاتە دەکرێ بەشێک بێت لە وشە هەر وەکوو ئامرازی ناساندن و یان مۆرفیمی کۆ. هەروەهاش، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مۆرفیم بە هیچ شێوەیەک کەرت ناکرێ بۆ یەکە و دانەی بچوکتر چونکە ئەگەر کەرت کرا، واتای خۆی لە دەست دەدات و گۆڕان بەسەر شێوەکەیدا دێت. بەمەش کێشەکانی مۆرفیم زیاد دەبن لە جیاتی چارەسەری کێشەکان، چونکە مۆرفیم لە ئەنجامی کێشە و کەموکوڕییەکانی وشەوە هاتۆتە کایەوە. دابەشکردنی مۆرفیم و جیاکردنەوەی جۆرەکانی لە یەکتری و دەستنیشانکردنی مۆرفیمە نیمچەسەربەخۆکان کاری لە پێشینەی توێژینەوەکەی ئێمە بووە، چونکە جگە لە مۆرفیمی سەربەخۆ مۆرفیمی نیمچە سەربەخۆشمان هەیە کە ئێمە خستومانەتە ڕوو. مۆرفیم لە مێشکی مرۆڤدایە، هەرکات بەکارمان هێنا، مۆرفیم نامێنێ و دەبێتە مۆرف، کە ئەوە واقعی بەکارهێنانی مۆرفیمە.

## سەرچاوەکان

**کوردی:**

بابان، شێرکۆ (٢٠٠٦). «مۆرفیمی ئێستایی (ـە) لە سێتی ڕێزمانیدا». گۆڤاری *نووسەری نوێ*. ژمارە (٣٤).

حاجی مارف، ئەوڕەحمانی (٢٠٠٤). *فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی*. سلێمانی.

--- (١٩٨٧). *ڕێزمانی کوردی*. بەرگی یەکەم. وشەسازی. بەشی دوەم. جێناو.

--- (١٩٧٥). *وشەی زمانی کوردی*. بەغداد

حوسێن ڕەسول، عەبدوڵلا (٢٠١٤). *مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار*. هەولێر.

خاڵ، شێخ محەمەدی (١٩٦٠). *فەرهەنگی خاڵ*. بەرگی یەکەم. سلێمانی.

صدقی، سعید (١٩٢٨). *مختصر صرف و نحوی کوردی*. بەغدا.

عەلی ئەمین، نوری (١٩٥٨). *قواعدی زمانی کوردی*. بەرگی دووەم. بەغدا.

عمر أمین، وریا (١٩٨٦). «مردنی ووشە». گۆڤاری *کاروان*. ژمارە (٤٥). هەولێر: ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان.

عومەر، ئەمین وریا (٢٠٠٩). *ئاسۆیەکی تری زمانەوانی*. بەرگی یەکەم. چاپی دوەم.

مختار، عمر أحمد (١٩٨٢). *علم الدلالة*. جامعة الکویت: مکتبة دار العروبة للنشر واتوزیع.

مستەفا رەسوڵ، عیزەدین و هاریکاران (١٩٧٢). *زمان و ئەدەبی کوردی*. بەغدا: چاپی دوەم.

**عربی:**

أنیس، ابراهیم (١٩٧٦). *دلالة الألفاظ*. مکتبة الأنجلو المصریة. الطبعة الثالثة.

أولمان، ستیفن (١٩٧٣). *دور الکلمة في اللغة*. ترجمة کمال محمد بشر. مکتبة الشباب. المنیرة.

بالمر، ف. ر. (١٩٨١). *علم الدلالة*. ترجمة عبدالمجید الماشطة. بغداد: الجامعة المستنصریة.

دی سوسیر، فردیناند (١٩٨٥). *فصول في علم اللغة العام*. ترجمة أحمد نعیم الکراعین. اسکندریة.

زکریا، میشال (١٩٨٣). *الألسنية (علم اللغة الحديث)*. بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

الموسوعة الحرة (تشكل-(توضيح/ https://ar. Wikipedia, org/wiki).

**ئینگلیزی:**

Bloom Feld, leonard (1933). *Language*. Henry Holt. New York.

Crystal, David (1985). *A Dictionary of Linguistics and Phonetics*. 2nd Ed. New York.

Crystal, David (1992). *An Encyclopaedic Dictionary of Language and Languages.* UK.

Crystal, David (2003). *A Dictionary of Linguistics and Phonetics*. 5th Ed. Blackwell Publishing Ltd.

McCarus. Ernest N. (1958*). A Kurdish Grammar, Descriptive Analysis of The Kurdish of Sulaimaniya.* Iraq. American Council of Learned Societies. New York.

Palmer, F.R. 1971. *Grammar*. Harmonds Worth. Middelesex. Pelican. Penguin Books. London

Stork, F. C. and J. D. Widdowson (1974). *Learning about Linguistics*. Hutchinson.

Sweet, H. (1891). *A new English grammar*. Part 1. Oxford. Clarendon.